
Kurdistan Nêt
Digitally signed by Kurdistan Nêt
DN: CN = Kurdistan Nêt, C = US, O = www.kurdistannet.org, OU = Kurdistan Net
Date: 2004.01.03 02:55:45 +01'00'

# ژنانی چالاک و کێشەکانیان (لە رۆژهەڵاتی کوردستان)

**دوکتۆر روئیا تلووعی**



لە کۆمەڵگایەکی نەریتیدا ژن بوون بۆ خۆی کێشەیەکی دژوارە و دژوارتر لەوەش چۆن ژنێ بوونە. رەنگە ئەم قسەیەتان لا سەیر بێت. لە چاخی نوێ بەرینەدا ئافرەت خاوەنی رێز و شکۆیەکی فراوان بوو. لە رەوتی ژیان و بەرهەمی کۆمەڵگادا رۆڵێکی دیاریکراوی بوو. کشت و کاڵ و ئاژەڵداری دەکرد و لە پیشە دەستییەکانی وەک گۆزەسازی و جل و بەرگ دروستکردندا کارەکانی بەر چاو بوون و ئابووری ژیانی بنەماڵەی بەڕێوە دەبرد. روونە کە لەم کات و قۆناغەدا ژیان ژیانێکی سادە و ساکار بوو. ئەو دەمەی کە بێڵی ئاسنی بەرهەمهات و لە ژیاندا وەدەر کەوت هێز و توانای جەستەی ژن کەمتر بوو ئەمە خۆی فاکتەرێ بوو بۆ ئەوەی لە گۆڕەپانی ژیان و کار دوور خرێتەوە و پیاو دەسەڵات بگرێتە دەست خۆی و ئافرەت بکرێتە ئەسیری ماڵ. ئەم رووداو گۆڕانکارییە لە ئۆستوورەکانیشدا رەنگی دایەوە و ئیلاهە ژنەکان رێز و شکۆیان هاتە خوارەوە. «ئسترک» ئیلاهەی کوێستان دەکرێت بە کوێلە و ئۆستوورە پیاوانەکان دەسەڵاتیان بەرین دەبێتەوە. لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆ ژن ناتوانێ وەک مرۆڤێکی خاوەن ماف جێگای خۆی بدۆزێتەوە و بە بێپسانەوە لە چەوساندنەوە دایە و مافەکانی پێشێل

دەکــرێن. لــە ژێرکاریگــەرێتــی ئــەم رووداوەدا نــەریتــیٚ دەخــولقیٚ کــە ئۆســتوورە و حەکایەتەکانیان هێدی هێدی بـاوەڕی بـەزیـن و ژێـردەسـتە بـوونی ژنـان لـە گیـان و زەینـی ئـافرەتانـدا جێگیـر دەکـەن و بیـروڕای گشـتی کۆمـەڵگـا بـەم بۆچوونـە قابـل دەکـەن. کاریگەرێتی ئەم باوەڕە گشتییە تـا ئـەمڕۆش هـەر دیـارە و زۆر رەفتـاری ناحـەز بـەرامبـەر بـە ژنان بووەتە نەریت. سەرنجێک لـە دایـک بـوونی کـچ بـدەیـن. دەخـوازیٚ ئـاوڕیٚ لـە قۆنـاغی پێش لە دایکبوونیشی بـدەیـن. بـە هـۆی گـەشـەی زانسـت و سـەرهـەڵـدانی سـۆنۆگرافییەوە ئێسـتا ئیتـر چۆنیـەتـی لـە دایکبـوون و رەگـەزی منـداڵ ئاشـکرا دەکرێـت لـەو کاتـەوە کـە دەردەکـەوێـت کـە رەگـەزی منـداڵ کچـە ئیتـر خـەم پـەژارە دایـک و بـاوک دادەگرێـت و هۆکـاریٚ بـۆ خـەفـەت و ئسـترێس دەخـوڵقیٚ دایـک بـە هـۆی ئـەم فاکتـەرەوە دوچـاری نالـەبـاری دەروونـی دەبێـت و راسـتەوخـۆ منداڵـەکـەشـی دەکـەوێتـە بـەر ئـەم شـاڵاوە. لـە لایـەکـیتـرەوە نـەریتـە بـاوەکـان سـاڵەهایـە وایـان خسـتۆتە مێشـکی کۆمـەڵـەوە کـە پیـاو رەگەزی بـاڵا و جنسـی یـەکـەم و ژن رەگـەزی ژێـردەسـتە و جنسـی دووەمـە کـە وا بـوو لـە دایکبوونی کوڕ شانازییە و لە دایکبوونی کچ مایەی خەفەت و سووکایەتی.

زۆر جار دەبینین بۆ ئـەوەی کوڕێـک لـە دایـک بێـت ئـافرەت ناچـارە کـە چـەنـدین جـار سک و زا بکات.

ئـاوەز و زانسـت روونـی کردۆتـەوە کـە چۆنیـەتـی رەگـەزی نێـر و مـیٚ پـەیـوەسـتە بـە کرۆمۆزمی X یان Y وەیە لـە ئیسـپێرمی پیـاودا، کـە کامیـان بتـوانیٚ بچێتـە هێلکـەدانـەوە و تێکلاوی بێـت ئـەوسـا چۆنیـەتـی ئـەو رەگـەزە دەڕسـکیٚ. هـەر چـەنـدە ئـەمـە شـتێکی زۆر ئاشـکرایە بـەلام بـە داخـەوە هێشـتا زۆرن ئـەو پیاوانـەی کـە ژن بـە تاوانبـاری رەگـەزی منداڵ کە دەزانـن و تـەنانـەت هـەڕەشـە لـە ژن دەکـەن ئـەگـەر ئـەم جـارە کـوڕی نـەبێـت تەلاق ئەدرێت.

لە ناو بنەماڵەشدا، کـچ بـە روونـی هـەسـت بـە جیـاوازی خـۆی و براکـەی دەکـات. کـوڕ چونکی دەبێتە پیاو، بۆیە ئازادە، بە هێـزە و مـافی زۆرتـرە. ئـەتـوانیٚ لـە خۆشـکی خـۆی بـدات، ئەتوانیٚ هەڵس و کـەوتـی خوشـکی لـە سـەر ئیجـازەی ئـەو بێـت، ئـەتـوانیٚ ئـیش و کارێـک نەکات لە هەمان کاتدا خۆشکی دەبیٚ خزمـەتـی ئـەویـش بکـات. بـەشـی چـاکی چێشـتە کـە

هـی کـاکی بـرا بێتـو هـەر چۆنێـک حـەزی لـێ بـوو هـات و چـوو بکـات و دۆسـت بگرێـت، تـەنانـەت دۆسـتی کچیشـی هـەبێـت، بـەڵام بـۆ خوشـکی ئـەمانـە هـەمـووی قـەدەغـەیـە. سـەرەڕای ئـەمانـەش دایـک و بـاوک کـوڕەکـەیـان زۆرتـر خـۆش دەوێـت و وەک پاڵپشـتی بنەماڵە دەزانن کچی فەقیر میوانێکـە کـە ئـەبێـت بـۆ خزمـەتـی پیـاوێکی‌تـر لـە داهـاتوودا بـە ناوی مێرد پەروەردە بکرێت.

ئەمە لە هەموو بنەماڵـەیـەکـدا هـەیـە و بـە هـۆی کلتـووری بنـەماڵـەکـان لـە بڕێکیـان کەمڕەنگترە و لە بڕێکدا پڕڕەنگترە. هـەڵبـەت نـابێ چاوپۆشـی لـە بڕێـک بنـەماڵـەش بکـەیـن کـە ڕەفتـار و هـەڵسوکـەوتیـان لـەگـەڵ کـچ هێمنتـرە و تونـد و تیژییـان کـەمتـرە. بـەڵام حـەقیقـەتێکـی ئاشـکرایە کـە هـەر کـچ بـە ڕەگـەزێکـی کـەم دەسـەڵاتتـر دەزانـن و بـەس لەگەڵی مێهرەبانترن.

کـچ کـە دێتـە کۆمـەڵگـاش دەبینـێ قـەد قـەد مـافی وەک پیـاو نییـە. تـەنانـەت لـە خوێندنگـەش ئـازادی کـوڕێکی نییـە. بـۆ نموونـە لـە وەرزش کردنـدا هـەر دەبـێ لـە نـاو حـەوشـی مـەدرەسـەش جـل و بـەرگـی مـانتۆ و مـەقنـەعـەی لـە بـەردا بێـت. بۆیـە ئـەو ژەهرانەی کە کاتی عارەق کردنـەوە بـە هـۆی وەرزشـەوە لـە جـەسـتەی دێتـە دەر بـە هـۆی ئەو جل و بەرگە ناتوانێ بە تەواوی لە جـەسـتە بچێتـە دەر و ئـەبێتـە هـۆی بڕێـک نـەخۆشـی پێستی و زوو ماندوو بوونی کچەکـە. هـەر وەهـا بـە هـۆی ئـەوەی کـچ مـەودای حـەرەکـەت و هـەڵبـەز و دابـەزی زۆری نییـە لـە بـاری موقـاوەمـەتـی ئێسـقانەکـانی و بـەرزی بـاڵا و قەوسی کەمەری زۆربەی جار کێشەی هەیە.

هـەمیشـە کـاتی پـەروەردە کردنـی کـچ پێـی دەوتـرێ کچـی سـەنگـین ئـەوەیـە سـەر داخات، کەم قسە بکات، بە دەنگی بەرز قسە نەکات و پێنەکەنێت و... هتد.

هەر بۆیە بە کچ دەسەلمێنن کە بـاوەڕی بـە خـۆی نـەبـێ. بـۆ وەی کچێکـی بـاش بێـت ئەبێ ئەوەی بێت کە پێی دەوترێ. ئەبێ ئەوەی بێت کە بۆی پەسند ئەکرێ.

هەر وەها دەبینین زۆربەی کچان لـە شـوێنێکی بـە کۆمـەڵ قـەد لـە ڕوویـان نایـە بیـر و باوەڕی خۆیان دەربـڕن و بڕیـار بـدەن و نـاتوانن بـە ڕاحـەتـی لـە شـوێنێک کـە پیـاوی زۆری تێدا بێت قسە بکەن.

ئەگەر بنەماڵەشمان هەیە کـە جیـاوازی بـۆ کـچ و کـوڕ قایـل نـابن، بێگومـان ژمـارەیـان زۆر زۆر کەمە. ئەو کچە ئازایـەی کـە لـە نـاو ئـەو بنـەماڵـەدا پـەروەردە دەبێـت کـە دێتـە نـاو کۆمەڵگا تووشی کێشە ئەبێ. باوەڕی زۆربـەی کۆمـەڵگـا بـە ژێـردەسـتە بـوونی ژنـە، جـا بۆیـە ئەم چەشنە کچانە لێرەدا هەست بە جیاوازییەکی تاڵ دەکەن.

ئەم روانگە نەریتییە لە زانکـۆش هـەر زاڵـە. لـە کـاتی شـوو کـردنیش بـە هـەمـان شـێوە زاڵە. ئایا دیوتانە قـەد کچێـک بتـوانێ مـافی هـەڵبژاردنـی پیـاوێکی بێـت کـە بـە تـەواوی بـە دڵیەتی؟ دیارە ئەبێ ماتل بێـت ئایـا کـوڕەکـە دێتـە داوا کـاری یـان نـا؟ بـۆ ئـەوەی عـەیبـە و سووکایەتییە ئەگـەر خـۆی پیـاوێکی بـە دڵ بێـت. ناچمـە سـەر ئـەو باسـەی کـەوا چـەمکـی عەشق لە نـاو کۆمـەڵگـای بـەسـتراو و نـەریتـی ئێمـەدا چـەنێـک بـێ نرخـە و زۆربـەی ئـەو عاشقانە بە بێ ناسینێکی قووڵە، زووش گرەکەی ئەکوژێتەوە.

کـچ کـاتی شـوو کـردن لـەوانـەیـە لـە بـاوک سـالاری و براسـالاری بڕێـک (نـەک بـە تەواوی) رزگار بێـت بـەڵام دێتـە ژێـر ئـاڵای مێردسـالاری کـە ئـەویـش لـەوانـەیـە زۆرتـر و تونـد و تیژتـر لـە بـاوک سـالاری بێـت. بـە داخـەوە زۆرن ئـەو ژنانـەی (تـەنانـەت ژنـی خوێندەواریش) کە ئێستاکەش بە دەسـت مێـرد لێیـان دەدرێ. چیهـا دژایـەتـی نهێنـی هـەیـە سـەبـارەت بـە ژن کـە بـە هـۆی کولتـووری نـەریتـی پیاوسـالارانەوە هـەر لـە لایـەن ژنـەوە باسیشی ناکرێت. ترس لە تەڵاق، نـەبـوونی سـامانی ئـابووری، بـێپـەنـایی، تـەنیـایی، نیگـای خراپ و تیـژی کۆمـەڵگـا لـە سـەر بێـوەژن و سـەرگـەردانـی و پـەرێشـانی منـداڵ هـەمـووی ئـەبێتـە هـۆی بێـدەنگـی و تـەحـەممـولی ژیـانێکی پـڕ لـە خـەم و ئـێش و پـەژارە. لـە مـاڵ مێردیش بـە داخـەوە نـەک ژن مـافی وەک مرۆڤێـک نییـە، زۆر جـار کـەسایەتیشـی پێشـێل دەکرێ.

مـەخـابن لـە نـاو ژنـانی کارمـەندیشـمان کـەم نـین ئـەو ژنانـەی کـە دەسـتکەوتـی مانگانەشـیان مێـردەکـەی وەری دەگـرێ یـان دەبێـت پێشـکەشـی مێـردەکـەیـان کـرێ. زۆر ژنی کارمەند دەبینین کـە داهـاتی مانگانـەی خۆیـان (حقـوق) و زێـڕ و موناتیـان لـەگـەڵ ئـەو مێردە ئەدەن بە ماڵ یان مڵک یان ماشین، بـەڵام هـیچ بـەش و دانگـی ئـەوانـە هـی ژنـەکـە نییە و هەمووی بە ناوی مێردە.

لێرەدا دەبێ مافی ئەو بنەماڵە تایبەتانەش بپارێزین کە ئەم دیاردە لەوانا بەدی ناکرێ و زۆریش رێزی ژن دەگرن بەس بە داخەوە زۆر کەمن.

شتێکیتریش کە پێویستە باسی بکرێ ئەوەیە کە ژنانی ئێمە چ خوێندەوار، چ نەخوێندەوار، چ کارمەند و چ کابان مەجبوورن هەموو ئیش و کاری ماڵ بە تەواوی ئەنجام بدەن کە بە داخەوە لە روانگەی پیاوەوە وەک وەزیفەیەکی دابەشکراو بۆ ژن سەیر دەکرێ و قیمەتیشی نییە، بە هۆی سەخت و سەنگین بوونی کاری ماڵەوە زۆرجار ژنانی ئێمە تووشی ئێش و ئازاری ئێسقانەکانیان دەبن، وەکو دیسکی کەمەر، ئارترۆز، سیاتیک، پووکی ئێسقان، رۆماتیسم و زۆر نەخۆشیتر.

هەر وەها کە لە سەرەتای وتارەکە باس کرا زۆر شتی ناحەز سەبارەت بە ژن بۆتە نەریت و چۆتە باوەڕی گشتی کۆمەڵ ئەم نەریتانە لە زۆر شوێنا وەک زنجیر دەست و قاچی ژنان دەبەستنەوە و ئەسیری دەکەن. ئەم کولتوور و نەریتە وای کردووە کە زۆربەی ژنان بەم چەشنە ژیانەی خۆیان رازین و باوەڕیان ئەوەیە کە چارەنووسی ژن هەر ئەمەیە و دەبێ رازی بن و دەنگ نەکەن دەبێ تێکۆشن لە روانگەی پەسندی پیاوەوە ژنی چاک بن.

بەلاّم ئیمڕۆ ئیتر سەردەمی بێل ئاسن نییە، توانایی بە زۆری فیزیکی جەستە نییە و ئەوەش روونە کە عەقڵی ژن و پیاو هیچ جیاوازییێکی نییە و ئێستا کە توانایی بە زانایییە. ئاستی خوێندەواری و زانایی ژنیش چووەتە سەر. بەلاّم پچراندنی زنجیرەکانی ئەو نەریت و کولتوورە چەند هەزار ساڵە کارێکی سادە و ساکار نییە و پێویستی بە ئاڵ و گۆڕێکی قووڵ لە کولتووری کۆمەڵگادا. ئەبێ رچەی ناحەزی زۆر لەم نەریتە کۆنانە بشکێت هەرچەند بەهای سەنگینە و بە یەک کەس و دوو کەس ناکرێ و هیمەتێکی گشتی ژنان و پیاوانی پێویستە.

لەم کۆمەڵگادا بێگومان ژنانێک دەبینین کە ژێر دەستە بوون و جنسی دووەم بوونیان قبووڵ نییە. خۆیان بە کەمتر لە پیاو نابینن و خوازیاری ئازادی و بەرابەرین، بەس لەوانەیە بۆ زۆر شتی سەرەکی مەجبوور بن رچە بشکێنن.

یەکەم دژایەتی ئەم چەشنە ژنـە رچـەشـکێنانە، خـودی ژنـان دەیکـەن. ئـەو ژنانـەی کـە چـارەنووسـی رەشـی خۆیـان بـە شـتێکی سـەلماو و دروسـت دەزانـن و کۆیلـەتـی خۆیـان قبووڵ کردووە.

پیاوان زۆر بە چالاکی دێنە یارمەتی ئـەو چـەشـنە دژایـەتییـە و بـە کـەڵـک وەرگـرتن لـە تۆمەت زوو دەست دەکـەن بـە گـلاو کردنـی رای کۆمـەڵ سـەبـارەت بـە ژنـانی رچـەشـکێن. یـەکـەم شـت دەڵـێن ئـەم ژنانـە مـەبـەسـتیان لـە ئـازادی رووت بوونـەوە و جـل و بـەرگـی ناجۆرە. ئەم چەشنە قسـە هـی فکرێکـی لاوازە کـە لـە دنیـای خۆیـدا ژن بـەس بـە لـەشـێک دەزانێ و هیچی‌تر. بێگومـان سـەرەکیتـرین نیشـانەی ئـازادی بـۆ ژنـانی رچـەشـکێن، ئـازادی بیرورا و دەربڕینە، نەک رووتـی. دووەم دەڵـێن ئـەمانـە ژنـەکانیشـمان لـێ روودار ئـەکـەن. بـۆ وشەی رووداری دیارە لە بناغەیـدا مـەبـەسـتیان لـە ئاگـاداری ژنـەکانیانـە لـە مـرۆڤ بـوون و مافەکانی لە ژیاندا.

سـێیەم ئـەوەی تۆمـەتـی ئـەخلاقـی و سیاسـی و هـەرچـی بۆیـان ئامـادە بکرێـت ئاراستەی ژنانی رچەشکێن دەکەن. بڕێـک هـەر هیچیـان پێنـەکـرێ، کاتێـک جـەسـارتـی ژن دەبینن و خۆیان ئەو جەسـارەتـە لـە خۆیـان نـابینن، جـەوەکـە بـەم شـێوە ژەهـراوی دەکـەن کە: "کاکە لەوانەیە پاڵ و پشتی گەرمە و بە شوێنێکەوە بەندە بۆیە ئەوێرێ!"

چوارەم ئەوەیە کـە لـە ورد کردنـی کـەسـایەتـی و تـەحقیـری ژن کـەڵـک وەردەگـرن و بۆ دەرفەتێک دەگەڕێن کە کـەمتـرین خـەتایـەک لـەو ژنـە ببیـنن و بیکـەن بـە کێشـەیـەکـی گەورە.

بەڵام شێوازی بڕێک لـە ژنـان و پیـاوانی رۆشـنبیر شـێوە جیـاوازە. بـە داخـەوە بڕێـک لـە ژنانی سەرکەوتوو لە بوارەکانی جیاوازی کۆمەڵگـا تاقـەتـی بینینـی کـەسـیان غـەیـری خۆیـان نییە و بە شێوازێکی حەسـوودانە رێگـری لـە سـەرکـەوتـن و بـەرچـاو کـەوتنـی ژنـەکـانی‌تـر دەکەن.

دەسـتەیـەک لـە پیـاوانی رۆشـنبیر شـێوە دێـن و لـە رێگـای ئافـەریـن وتـن کـەڵـک وەردەگـرن. سـەبـارەت بـە ئـازادی بـۆ ژن چیهـا کـە نـاڵێن؟ بـەڵام ئـەم ئازادییـە کـە باسـی دەکـەن بـەس لـە قسـەدایـە و ئێسـتا ئـەم قسـە رەنگـاوڕەنگانـە نـەچۆتـە مێشـک و بیـر و

باوەڕی خۆشیان. تەنانەت ئـەگـەر سـەرنجـی بنـەماڵـەکانیـان بـدەیـن دەبینـین ژن و دایـک و خوشک و کچیان بە تەواوی بێ بەشن و چەوساوەن.

بڕێکـیتـر لـەم رۆشـنبیرنمایانە لـەگـەڵ ئافـەرینـەکانیـان دەسـت دەکـەن بـە پـەنـدی نەریتی لە قاڵبی وشەی مۆدێرن و بەم چەشـنە زەخـت خسـتنە سـەر کـەسایەتـی ئـەم ژنانـە، لە وانـەیـە بڕێـک مـافی ژن بـە مـافی ئـازادی لـەش بـزانن و تـەنیـا نیشـانەی رۆشـنبیری و مۆدێرنییـەتـی خۆشـیان لـە ئـازادی بـۆ بڕێـک کـار بنـوێنن. شـکتان نـەبـێ ئـەم چـەشـنە مۆدێرنانە لە هەمـوو سـەلـەفییـەکـان سـەلـەفیتـرن. زۆر جێگـای داخـە کـەسێک خـۆی بـە رۆشنبیر بزانێت، بەڵام نەیتوانیبێ سەرەکیتـرین چـەمکـی مرۆڤایـەتـی واتـە بـە مـرۆڤ ناسـین و ساحەبی ماف ناسینی ژن لە مێشـک و بـاوەڕی خـۆی و لـە بنـەماڵـەی خۆیـدا قبـووڵ کـات و لەو لاشەوە بێت و نوسخە بنووسـێ بـۆ رزگـاری کۆمـەڵگـا، مـەگـەر کۆمـەڵگـا بریتـی لـەم بنەماڵانە نییە؟

ئـەو رۆشـنبیرەی کـە ئـازادی ژن بـەس لـە ئـازادی لـەش بزانێـت (هـەڵبـەت بـەس بـۆ ژنانیتر) نەک رۆشنبیر نییە بەڵکو نەخۆشە.

دیارە ئـازار و ئێشـی ژنـانی رچـەشـکێن کـەم نییـە. بـەس ئـەوەی گرنگـە بـاوەڕ بـە خـۆ بوون و ئیمان بە رزگارییە. ئەبـێ ژنـان و پیـاوانی خـاوەن بیـروڕای راسـتەقینـە سـەبـارەت بـە مرۆڤایەتی ژن، یەک بگرن و تێکڕا دەسـت بکـەن بـە خـەبـاتێکی هـەمـە لایـەنـە بـۆ ئـاڵ و گـۆڕێکی قـووڵ لـە کولتـووری کۆمـەڵگـادا. دیـارە زانسـت و ئاگـاهی رۆڵێکـی هـەرە گرنگـی هەیە لەم بـوارەدا. ژنـانی رچـەشـکێن ئـەبـێ بـە جـەسارەتـەوە بـوونی خۆیـان لـە مـەیـدانی رامیـاری و دەسـەلات و ئـەدەب و هونـەر و رۆشـنبیری بسـەلمێـنن و هـەتـا زیـاتر زەخـت و فیشار دێتە سەر موقاومتر بن.

سەرکەوتن هەمیشە پێویستی بە مرۆڤـی ئـازا و نـەترسـە ئـەگـەرچـی بـەهـای سـەنگـین بێت. **ژنانی رچەشکێن بە دوو باڵی جەسارەت و باوەڕ بە خۆ هەڵدەفڕن و سەر دەکەون.**